# سؤسياليزم وةك سيستةميكي ئابووري كؤمةلآيةتي

نووسينى: مصطفى العبداللة الكفري
وةرطيراني: نةوزاد مهندس

## (بةشي يةكةم)
## واتاي وشةي سؤسياليزم

**هەوڵی بەرەنگاریکردنی ئەو پێداگرتنەیان دەکرد لەسەر رۆڵی تاکەکەس وەك توخمێکی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە بەشەرییەکاندا**

نازانین کێ بوو یەکەمجار وشەی سۆسیالیزمی بەکارهێنا, بەڵام وازانراوە کە ئەم وشەیە لە دەقێکی چاپکراودا بە زمانی ئیتالی لە ساڵی 1803 دا دەرکەوتووە, بە واتایەکی دیکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ واتای ئێستای ئەو وشەیەدا نەبووە, رۆبەرت ئەوین وتەزاری (سۆسیالیزم)ی لە (گۆڤاری هەرەوەزی)دا لە ساڵی 1827 بەکارهێنا, تا واتەی مەزهەبی هەرەوەزی سۆسیالیستی ئەوین ببەخشێت, وتەزای سۆسیالیستیو سۆسیالیزم بۆ چەندین جار لە بەریتانیاو فەرەنسا بەکارهێنران‌و پاشان گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپیو دوای ئەوە گوازرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, وای لێهات وشەی سۆسیالیزم واتای هەوڵدانی بۆ بونیاتنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-ئابووری تازە دەبەخشی, کە لەسەر چەمکێکی ئابووریو کۆمەڵایەتی مافەکانی مرۆڤ دەوەستا, کەواتە بیری سۆسیالیستی لەم قۆناغەدا ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی-ئابووری بوو (1).

ئەوین‌و پێشەواکانی سۆسیالیزم, وشەی سۆسیالیزمیان لە وتەزای (کۆمەڵایەتی Social)ەوە دارشت, بۆ ئەوەی ببێتە بەرابەری وتەزای (تاکەیی Individual) لەوەشدا ئامانجیان دەرخستنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی بوو, تا ببێتە پێشەکی هەمو ئەو مەسەلانەی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ هەبوون, بەوەش هەوڵی بەرەنگاریکردنی ئەو پێداگرتنەیان دەکرد لەسەر رۆڵی تاکەکەس وەك توخمێکی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە بەشەرییەکاندا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپادا چەندین کۆمەڵە پەیدابوون لەوانە:

1-کۆمەڵەی سان سیمۆن (سان سیمۆنییەکان Saint simonians) لە فەرەنسادا.

2-کۆمەڵەی شارل فۆریێن (فۆرییێنەکان Fourierists) لە فەرەنسادا.

3-کۆمەڵەی رۆبەرت ئەوین (ئەوینییەکان Owenites) لە ئینگلتەرادا.

-ئەم سێ کۆمەڵەیە, مەسەلەی کۆمەڵایەتییان بەگرنگترین مەسەلەکان هەژمار دەکردو, ئەرکی خەڵکانی خێرخواز وایان لێ

دەكات كە بۆ بە تینكردنی بەختیاریو خێر بۆ هەمووان كار بكەن.
-هەروا بانگەشەی پێویست بوونی نەهێشتنی كێبەڕكێو ململانێی نێوان مرۆڤو مرۆڤ لە پێناو هۆیەكانی ژیانیان دەكرد.
-ئەو كۆمەڵانە باوەڕو متمانەیان نە بە سیاسەتو نە بە سیاسەتمەداران هەبوو, وایان دەبینی كە پێویستە جلەوی كاروباری كۆمەڵایەتی لە دوارۆژدا بكەوێتە دەست بەرهەمهێنەران.
-هەروا بانگەشەی لەناوبردنی كۆمەڵگا كۆنەكانیان دەدا, كە لەسەر بنەمای تاكەكەسی بنیادنرابوونو پێویستە بگۆڕدرێن بۆ بە كۆمەڵەكانیان.
-هێرشیان دەبردە سەر جیاوازی لە رادەبەدەرو ناشەرعی لە بواری خاوەنداریێتیو داهاتداو سنووردارکردنی خاوەنداریێتیان داوا دەكرد.
ئەو كۆمەڵانەی ئەمجۆرە مەزهەبانە ناویان نرا (سۆسیالیستییە یۆتۆپیاكان ( Utopian Socialists) لەسەر ئەو وەسفەی كارل ماركس لە مانیفێستی كۆمۆنیستدا ناویانی بردبوو, سۆسیالیستی یۆتۆپیایی ئەو كاتە واتای (رێكخستنی بە كۆمەڵی كاروباری خەڵكییە لەسەر بنەمای هەرەوەزی, ئامانجی بەختیاری هەموانەو دووپاتی "سیاسەت" ناكاتەوە بەڵكو دووپاتی بەرهەمهێنانو دابەشكردنی سامانو بەتینكردنی هۆكارە هاوبەشەكان لە پەروەردەكردنی هاوولاتیان دەكاتەوە, كە بە درێژایی ژیان لەسەر بنەمای هەرەوەزی-بێ كێبەركێ-لە رەوشتو هەڵوێستو رێسا كۆمەڵایەتییەكان دەوەستێتەوە) دەبەخشێت (2).
ئەوە دەربارەی وشە یان وتەزای سۆسیالیزم, بەڵام بیروباوەڕەكە ئەوا زۆر لە كۆنەوە هەر هەبووە, لە رووی دووپاتكردنەوەی رۆڵی كۆمەڵگا لەجیاتی ئەوەی دووپاتی رۆڵی تاكەكەس بكرێتەوە, یان مەحكومكردنی شێوازەكانی جیاوازی كۆمەڵایەتیو خواستی نەهێشتنی چەوساندنەوەی هەژاران لە لایەن دەوڵەمەندەكانەوە, یان پێویستی پەروەردەكردنی هاوولاتیان لەسەر رەوشتی باش, یان لە رووی ئەوانەی كە پەیوەستن بە بانگەشەكردن بەوەی كە هەموو كەسێك مافە ئابووریو كۆمەڵایەتییەكانی لە تەك مافە مەدەنیو سیاسییەكانی هەبێتو, یەكسانی لە نێوان خەڵكی لە مافەكانو ئەركەكاندا هەبێت.. ئەم بیروبۆچوونانە لە دێرزەمانەوە هەبوونە, لەوەتەی جیاوازیو چەوساندنەوە لە كۆمەڵگادا دەستی پێكردووە.
لە ئەوروپادا, پێش ئەوەی بیروبۆچوونی سۆسیالیستی بڵاوبێتەوە, گۆڕانكاری ریشەیی روویاندا, كە زۆر لایەنی گرتەوە.
1-لە سیاسەتی كۆمەڵایەتیدا, بەتایبەتی دوای شۆڕشی فەرەنسی, كە گەیشتە وڵاتە ئەروپییەكانی دیكە.
2-لە پیشەسازیدا, بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیو, دۆزینەوەی هێزی هەڵمو, بەكارهێنانی تەكنیكی بەرز لە ئەندازیاری شارستانیو میكانیكیدا.

3-لــە کــشتوکاڵدا, لــەو کاتــەی کــە دەســتکرا بــە بــەکارهێنانی شــێوازی تــازە لــە جووتیاریداو,بەکارهێنانی رەچەڵەکی چاککراو لە بەخێوکردنی گیانلەبەرەکاندا.

ئەو هەموو گۆڕانکارییە, بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستە بە داهێنانەکانو چاککردنەکان, یان پەرەسەندندنی کشتوکاڵی, بەیەك هەنگاو روویان نەداوە, بەڵکو بەشێوەیەکی پلە بە پلە تەواوبوونو, رەنگدانەوەی ئیجابیانەیان لەسەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی سیاسیو ئابووری لە هەموو لایەنەکانی جیهاندا هەبووە.

## (بةشي دووةم)

## سؤسياليزمةكاني ثيش زانستي:

1-سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی:

کۆمــەڵێك مەزهــەبو تیــۆری کۆمەڵایــەتیو سیاســییە, لەگــەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا سەری هەڵداوە, بانگەشەی بنیاتنانی کۆمەڵگایــەك دەکــەن کــە بــە شــێوازێکی تازەیــەو هــیچ چەوســاندنەوەیەکی مــرۆڤ بــۆ مرۆڤــی تێــدا نابێتــەوە, هــەروا بانگەشــەی یەکــسانی کۆمەڵایــەتی دەکــات, لیــنین لــە باســی دامەزراندنیدا دەڵێت: "کاتێك رژێمی فیودالی رووخاو کۆمـەڵگای سەرمایەداری(ئازاد) رووناکی بینی, یەکسەر وا دەرکەوت کە ئـەم تاقیکردنەوەیــە واتــای سیــستەمێکی تــازە بــۆ چەوســاندنەوەی زەحمەتکێشانو بەکارخستنیان دەگەیـەنێت, هـەروا یەکـسەریش چەندین مەزهەبی سۆسیالیستیانە سـەریانهەڵدا, لـە کاردانـەوەی ئەم چەوساندنەوەیەو مەحکومکردنی".

سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی نەیتوانی لە رووی تیۆریو ئابوورییـەوە چــۆنیەتی گــۆڕان بــۆ کۆمەڵگایــەکی تــازەو ئەلتــەرناتیڤی ســەرمایەداری دیــار بکــات, بــەڵکو "نەیــدەتوانی چــۆن کرۆکــی کۆیلایــەتی کرێگرتــە لــە سایەی ســەرمایەداریدا تەفسیر بکـات, هــەروا نەیــدەزانی چــۆن یاســاکانی پەرەســەندنی ســەرمایەداری دەدۆزرێتەوە, یان چۆن هێزی کۆمەڵایەتی خاوەن توانا دەناسـێت کە دەبێتە دامەزرێنەرو دروستکەری سـەرهەڵدانی سۆسـیالیزمی یۆتۆپیـاییو پەرەسـەندنی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پەرەسـەندنەی کۆمــــەڵگا لــــەبواری ئــــابووریو, هــــەڵقوڵانی ململانێیــــە کۆمەڵایەتییـەکانی؟ ئـەوەبوو هـەموو چـەمکە جۆراو جۆرەکـانی

لينين دةلَيت: كاتيك رذيمي فيودالي رووخاو كؤمةلَطاي سةرمايةداري(ئازاد رووناكي بيني, يةكسةر وا دةركةوت كة ئةم تاقيكردنةوةية واتاي سيستةميكي تازة بؤ ضةوساندنةوةي زةحمةتكيشانء بةكارخستنيان دةطةيةنيت

یۆتۆپیایی لە هیوای ژیانێکی باشتر یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یەکسانیان دەردەبڕی.
تۆماس مۆر (1478-1535) یەکەم سۆسیالیستی یۆتۆپیاییەکانی ئەوروپایە, مۆر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە خاوەنداریێتی تایبەتو خراپیی دابەشکردنی سامانەکان, دوو هۆن بۆ پەیدابوونی هەژاریو نەبوونی لە لایەن هەندێك توێژەکانی کۆمەڵگا (یەکسانیو بەختیاری خەڵکیو پەرەسەندنی رووە باشەکانی جەستەییو عەقڵی ئەوخەڵکەو, بە هەمان پێوانەش دادوەری کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبردنی زیرەکانەی کاروباری کۆمەڵایەتی, هەموو ئەوانە ناکرێت وێنە بکرێ، ئەگەر خاوەنداریێتی تایبەت هەبێتو ئەو سامانەی زۆرینە بەکارکردنی خۆیان دروستیان کردووە دەکەوێتە (دەستی کەمایەتی) (2) بۆیە (مۆر) بانگەشەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ خاوەن کۆیلەو کۆیلە دەکرد, کە تێیدا هاووڵاتی کاری خۆی پێشکەش دەکاتو لە بەرامبەریدا پێویستییەکانی وەردەگرێت, هەروا داوای دابەشکردنی سامانەکانی لە نێوان خەڵکی بە یەکسانی دەکرد.
یۆتۆپیایی ئیتالی (تۆمازۆکامپانێللا) (1568-1639) بانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دەکرد کە چەوساندنەوەو دەسەڵاتی پارەو پوولی تێدانەبێت, لە دوای ئەو یۆتۆپیایی فەرەنسی (جان میلێیە) (1664-1739) هات, بۆ ئەوەی بنەمای بۆچوونی شۆڕشگێڕانەی سوسیالیزمی یۆتۆپیایی دابنێتو, داوای رووخاندنی بارودۆخی ئەوساکەی دەکرد لە رێگەی بەرپاکردنی شۆڕشێکەوە, بەڵام نەخشەیەکی وێنەکراوی بۆ رێکخستنی ئەو کۆمەڵگایەی کە داوای دامەزراندنی دەکرد, لانەبوو.
لە سوسیالیستە یۆتۆپیایەکانی سەدەی نۆزدەهەم, کۆنت سانت سیمۆن (1760-1825) کە لە خێزانێکی ئەریستۆکراسی فەرەنسی لە دایك بوو بوو پێگەیشت, بانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دەکرد کە خۆشترین ژیان بۆ زۆرینەی خەڵك دابین بکاتو ئەوپەڕی توانست بەکاربێنێ بۆ دەستەمۆکردنی پێداویستییەکانیان (سان سیمۆن, کۆمەڵگای سۆسیالیستی داهاتووی وادەبینی کە کۆمەڵبوونێکی ئازادە, خەڵك لەوێدا یەك دەگرێت بۆ کاریگەری هۆشیارانە لەسەر سروشت, بۆ دابینکردنی خۆشیو بوژاندنەوەی گشتیو سەرانسەری, لەم کۆمەڵگایەدا هەر مرۆڤێك بەپێی توانای خۆی کاردەکاتو بەپێی کارەکەی بەدەست دەکەوێت, هیچ چەوساندنەوەیەك لەوێدا نییەو کەمایەتی نابێتە خاوەن دەسەڵات بەسەر زۆرینەدا) (3). بەڵام سان سیمۆن بڕوای بە شۆڕش نەبوو بۆ گۆڕینو لە ململانێی چینایەتی دەترسا, بەڵکو هەموو ئاواتی لەسەر تەبشیرکردنی بە بیروباوەڕی برایەتیو یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا هەبوو, سان سیمۆن رێککەوتنو پێکهاتنی لە نێوان هەردوو چینی دژبەیەك (کرێکارانو بۆرژواکان)ی بە مەسەلەیەکی مومکین دادەنا.
لە روسیادا هەندێك سۆسیالیستی یۆتۆپیایی پەیدابوون, وەك نیکولای چیرنیشفیسکی (1828-1889) کە بانگەشەی بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەسەر شێوازی فیدرالەتێکی یەکگرتووی یەکێتی بەرهەمهێنەرەکان دەکرد, کە لەلایەن خەڵکەوە

بەڕێوەببردرێت‌و هیچ چەوساندنەوەیەکی تێدانەبێت‌و کارکردن لەوێدا ئیلزامی بێت بۆ هەمووان, هەروا بانگەوازی خەباتی کرد لە دژی قەیسەرو خاوەن موڵکە عەقارییەکانی روسیای قەیسەری, سیستەمی سەرمایەداری خستبووە بەر رەخنە, لەو نارێکییە لەبەرهەمهێناندا هەیەو چینی کرێکار دەچەوسێنرێتەوەو, چەندین قەیرانی دیکە.

**ئةوةي تيبيني دةكريت ئةوةية كة ئةم بيرمةندانة, ذيان و بيروباوةرِةكانيان لة كات و زةماني جؤراو جؤر بةدةركةوتن و, سةر بة ضين و تويذي كؤمةلآيةتي جياوازبوون.**

هەروا چەندین یۆتۆپیایی دیکە سەریان هەڵدا لەوانە: ونستلی ئینگلیزی, کە پێی دەگوترا ئایدیۆلۆژیستی هەرەهەژارەکانی گەل‌و, مۆریللی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەهەم‌و, مابلی‌و بابۆف‌و شارل فۆرییێ‌و, رۆبەرت ئەوین‌و, بیلینسکی‌و هرتسین.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئەم بیرمەندانە, ژیان‌و بیروباوەڕەکانیان لە کات‌و زەمانی جۆراو جۆر بەدەرکەوتن‌و, سەر بە چین‌و توێژی کۆمەڵایەتی جیاوازبوون‌و, ئەوەی هەموو ئەوانەی کۆدەکردەوە, مەحکومکردنی ئەو رژێمە بوو کە خاوەنداریێتی تایبەت‌و چەوساندنەوەی تێدایەو, ئەو کۆمەڵگایەش کە جیاوازی چینایەتی تێدایە مەحکوم دەکرا, هەروا ئەو حەزەی هەموویانی کۆدەکردەوە, لەوەدابوو کە ئەو رژێمەو ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگایەك کە دادپەروەری‌و یەکسانی تێدابێت‌و چەوساندنەوەی تێدانەبێت (4).

2-سۆسیالیزمی هەرەوەزی:

ئەو تیۆرییانە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم‌و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە, لە قۆناغی هەڵوەشانەوەی رژێمی فیودالی‌و لەناوچوونی‌و, لە دایکبوونی سیستەمێکی تازە کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەگرێتە بەر, یەکەم پێشەنگاکانی تیۆریای (سۆسیالیزمی هەرەوەزی) رۆبەرت ئەوین (1771-1858)و شارل فۆرییێ (1772-1838) بوون.

ئەم تیۆرییە بانگەشەی لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری‌و گۆڕینی بۆ سیستەمی سۆسیالیستی دەکات, بەڵام بەشێوەیەکی پلە بە پلەو بە ئاشتیانە, کە ئەوەش رۆبەرت ئەوین بانگەوازی بۆ دەکرد, ئەو سوسیالیستە یۆتۆپیایە ئینگلیزییە بوو کە بەکردەیی هەوڵی دابیسەلمێنێت کەوا لە ئیمکاندا هەیە کەوا ئەم چەوساندنەوەی بازرگان‌و خاوەن مانیفاکتۆرەکان لە دژی هەژاراندا ئەنجامی دەدەن, نەمێنێت, بەوەی کە هەستا بە دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ کرێکاران بە ئامانجی

بنیاتنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تازە کە هیچ چەوساندنەوەیەك و هەژارێکی تێدانەبێت.
ئەوەش بە پیادەکردنی هەرەوەزکاری، کە شێوازێکی ئابوورییەو خێراتە راستەقینەکانی ماددیو روحی بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات و، لە رێگەی بەڕێوەبردنی خودییەوە هەموو تواناکان بۆ بەرهەمهێنانی شمەك و بەرهەمە خۆراکییەکان تەرخان دەکرێت و، لە نێوان تاکەکانی ئەو کۆمۆنانە بە یەکسانی دابەش دەکرێت، مەبەست ئەو کۆمۆنانەیە کە (ئەوین) دروستیانی کردبوو.
(هەوادارانی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی وایان دەزانی کەوا کاری هەرەوەزی دروستترین رێگەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بەبێ ململانێی چینایەتی و رووخاندنی توندوتیژی دەسەڵاتی بۆرژواکان (5).
تیۆری (سوسیالیزمی هەرەوەزی) رەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری دەگرێت و ئەو هەڵس و کەوت و فشارەی دەکەوێتە سەر چینی کرێکار لە لایەن ئەو رژێمەوە، مەحکوم دەکات و، بانگەشەی لەناوبردنی چەوساندنەوەی چینی کرێکاری لە لایەن سەرمایەدارانەوە دەکات، بەڵام شێوازی شۆڕشگێڕانە بە هەموو جۆرێك رەت دەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری، بارودۆخی چینی کرێکار (بەپێی بۆچوونی ئەوان) لە رێگەی شێوازی خەباتی پەرلەمانی بۆرژوازی چاك دەکرێت و، بەرفراوانکردنی هەرەوەزکاری و بەردەوامبوونی، تاکە چارەسەرییە بۆ نەهێشتنی ململانێ سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.
تیۆری (سۆسیالیزمی هەرەوەزی) لە پرنسیپەکانی یەکبوونی بەرژەوەندییە بازارییەکانەوە هەڵدەقوڵێت، چونکە کۆنترۆڵکردنی جوولەی سووڕی شمەکی هەندێك بارودۆخ دروست دەکات، کە لە رێگەیانەوە دەکرێت کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی ماددی بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ یان بۆ هەناردن بۆ دەرەوە بکرێت، ئەوەش واتای پرەنسیپی لێك گەیشتن دەبەخشێت، کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی بەکارهێنەری شمەکەکان دابین دەکات، فراوانکردنی هەرەوەزییەکان و بڵاوکردنەوەی دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەکارهێنەر، ئەو حەزەی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی بەکارهێنەران لە گۆڕێ دایە، دەبێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی گونجاو بۆ زیادکردنی پاشەکەوت و گردکردنەوە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دابین کردنی بنەما مەوزوعییەکانی گەشەکردنێکی خێراو، پێشکەوتنی کۆمەڵگا.
(سوسیالیزمی هەرەوەزی) هەر وەك تیۆرێك نەمایەوە، بەڵکو چەندین هەوڵ دران لە هەندێك وڵاتدا، بۆ پراکتیزەکردنی لە ژیانی کردەییدا، لە فەرەنسادا دەوڵەت لە رێگەی پارەپێدانی (وەرشەکانی دەوڵەت) کە جۆرێك بوون لە جۆرەکانی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی یارمەتی دەدا ئەوانەش لە رووی رێکخستنەوە لە رێکخستنی تەکنیکیانەی مانیفاکتورەکانی دەکرد کە لە سەردەمی وەزیر (لویس پلان 1811-1882)دا هەبوون، بەڵام ئەو

تاقیکردنەوەیە بە کردەییە کورتەی، کە پێدا ڕەدبوو دەریخست کە ڕێککەوتن لە نێوان پرۆلیتاریاو دەوڵەتی بۆرژوازی، شتێکی خەیاڵەو پرۆلیتاریا تێیدا زەرەرمەنددەبێت، چونکە وای لی دەکات کە واز لە بەرنامە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی بهێنێت) (6).

3-سۆسیالیزمی دیموکراسی:

پێکهاتووە لە ڕەوتێکی بزاڤی کرێکاری جیهانیی هاوچەرخ، جۆرێك لە سۆسیالیزمی ریفۆرمیستی (7).

-دانپێدانان بە ڕێگە ئاشتیانەکاندا "ریفۆرمی"و گۆڕینی پلە بە پلە.

-گۆڕینەوەی هاریکاری چینایەتی بە خەباتی چینایەتی.

-سەبارەت بە دەوڵەتو دیموکراسیەت، باوەڕ بە پرەنسیپی "یاسای چینایەتی" دێنێتو تێگەیشتنی سۆسیالیزم وەك گوتەزایەکی ئەخلاقی-ئەدەبی.

-بۆچوونە فیکرییەکانی سۆسیالیزمی دیموکراسی لەگەڵ بۆچوونە فیکرییەکانی سوسیالیزمی زانستی ناگونجێن.

سۆسیالیزمی دیموکراسی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە دایك بوو، سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد.

4-سۆسیالیزمی میللی:

ئەویش جۆرێکە لە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی بۆرژوازی بچووك‌و، لە ڕوسیادا ئایدیۆلۆژیای دیموکراسیەتی جووتیاران بوو، سیما دیارەکەی سۆسیالیزمی میللی گرێدانی بیرۆکەی دیموکراسیەتی کشتوکاڵی‌و خەونە سۆسیالیزمیەکان‌و هیوای بەلاوەنانی سەرمایەدارییە پێکەوە، هەروا خەباتی جەماوەری میللی‌و، بە زۆریش جەماوەری جووتیاری لە پێناو زەوییەکانیان‌و، بۆ نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی فیودالی، دەبێتە سەرچاوەی سۆسیالیزمی میللی کۆمەڵایەتی (8).

سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی چەندین چارەسەری بۆ گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری بە سیستەمێکی عادیلانەی نوێ باس کردووە، بەڵام ئەو چارەسەرییانە پشت بە کۆڵەگەی فەلسەفی تەواوو کامڵ نابەستن، یان بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ ڕووداوەکان هەبێت کە ئەو کۆڵەکە فەلسەفیانە ڕێ نیشاندەری بن، هەروا سۆسیالیستە یۆتۆپیاییەکان نەیانتوانی لە یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بگەن‌و، ڕێگەو هێزی دروستکەری کۆمەڵگای نوێ دیار بکەن، بەمجۆرە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی نەیتوانی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری بدۆزنەوەو کرۆکی چەوساندنەوە لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا شی بکەنەوە، هەروا نەیانتوانی ڕووە تیۆری‌و ئابوورییەکانی ئەو یاسایانەی کە بزاڤی کۆمەڵگا ڕێك دەخەن بەرەو قۆناغێکی نوێ بخوێننەوە، یان وێنەی ڕێچکەی ئەو بزاڤە بکێشن.

## بةشي سييةم:
## سؤسياليزمي زانستي:

ئابووری سیاسی پەردە لەسەر یاسا ئابوورییەکانو بارودۆخو هاندەرەکانی پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی سۆسیالیزمی لادەدات, بەوەش رێگەکانی پەرەپێدانی بنەما مادییە تەکنیکییەکانی سۆسیالیزم دیاردەکات, هەروەها پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە جوولە دینامیکیەکانیەوەو پەیوەندی بە گەشەپێدانو چاکسازی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو گەشەو زیادکردنی کاریگەرێتی, شرۆڤە دەکات, بەمجۆرە ئابووری سیاسی هەوڵ دەدات وەسفێکی چەندێتیو چلۆنایەتی بۆ دیاردەو گرفتە ئابوورییەکان دابنێتو, هەندێك جاریش رێگەی ماتماتیکیو سەرژمێریانە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان خەڵکی بەکاردێنێت.

یەکەم: سیما سەرەکییەکانی قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم:

ناکرێت سۆسیالیزم لەناو چوارچێوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا دروست ببێتو, لە ناو باوەشی سیستەمی سەرمایەداریدا، تەنها سەرەتا مادییەکانی گۆڕانی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سیستەمی سۆسیالیزمی, پێڕادەگاتو, گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم بە زوویی و بەشێوەیەکی ئامادەو کامڵ بێتو, لەو ماوەیەدا پاشماوەکانی سیستەمی کۆن لەناو دەبرێتو بنەمای کۆمەڵگای سۆسیالیستی نوێ دادەنرێت, ئەم قۆناغەش بە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم ناو دەبرێت, قۆناغەکەش بە بانگەشەی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمهێنەران بۆیان دەگەڕێنێتەوەو, دوای ئەوەی چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست خۆی دەست بە گۆڕینی سۆسیالیستەکان دەکات.

بنیاتنانی سۆسیالیزمو بەجێگەیاندنی بەیەك هەنگاوو راستەوخۆ لە دوای بەدەستهێنانی پرۆلیتاریا بۆ دەسەڵاتی سیاسی نایەتەدی, بەڵکو پێویست بە تێپەڕبوون بە قۆناغێکی گواستنەوەی هەتا رادەیەك درێژ دەکات بۆ گواستنەوە بەرەو سۆسیالیزم "ئەوەش لەبەر ئەوەی دووبارە رێکخستنەوەی بەرهەمهێنان کارێکی قورسەو, گۆڕین لە هەموو بوارەکانی ژیان بەشێوەیەکی ریشەیی پێویستی بە کاتێکی باش هەیە, چونکە بەزاندنی هێزی ناخی بەڕێوەبردنی ئابووری لەسەر شێوازی بۆرژوازی بچووكو بۆرژوایی ناکرێت، ئەگەر خەباتێکی بێ وچانو رکابەرییەکی نەفەس درێژی نەبێت, هەر بۆیەش مارکس باسی قۆناغێکی کامڵی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایی دەکات بەو مانایەی قۆناغی گواستنەوەیە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم" (1).

ئابووری قۆناغی گواستنەوە بە چەندین جۆر دیاردەکەوێت, لەم قۆناغەدا تێبینی هەبوونی سێ جۆرە ئابووری سەرەکی دەکرێت کە ئەوانەن: (2)

1-جۆری سۆسیالیستی (چینی کرێکار نوێنەریەتی).

2-جۆری شمەکی بچووك (بەرهەمی جووتیاریو پیشەدارانو بەرهەمهێنەرە بچووکەکانی کە کاری کرێگرتە بەکارناهێنن, نوێنەرایەتی دەکەن).

3-سەرمایەداریی تایبەت (پرۆژە گەورە سەرمایەدارییەکان لە شارو گوند, کە کارکرێگرتەیی بەکاردەهێنن نوێنەرایەتی دەکەن).
لەوانەیە چەندین جۆری ئابووری دیکە, جگە لەو سێ جۆرەی سەرەوە هەبن, لەوانەیە لەم قۆناغەدا هەندێك لە پەیوەندییەکانی عەشایریو هۆزیو دەرەبەگایەتی هەر بەردەوام بن. ئەرکەکانی بنیاتنانی سیستەمی سۆسیالیستی, بەکارکردن بۆ کۆتا پێهێنانی ئەو فرە جۆرییەی ئابووری, دەست پێدەکات بە ڕێگەی پەیڕەوکردنی جۆرە ئابوورییەك کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لەسەر ئاستی دەوڵەت بە تەواوی بەرپا بکات.
لە کاتی قۆناغی گواستنەوەدا دەکرێت هەندێك ئیجرائات هەیە ئەنجام بدرێت لەوانە:
-بەرەنگاربوونەوەی مۆنۆپۆلی ئیمپریالیو بۆرژوای گەورەی خۆماڵیو فیودالەکان.
-پەرەسەندنی کەرتی دەوڵەت لە ئابووری نیشتمانیدا.
-سەپاندنی چاودێرییەکی توند لەسەر چالاکییەکانی سەرمایەداری بیانی.
-پەیڕەوکردنی پرەنسیپی پلانداناو ئابووری میتۆدکراو.
-جێبەجێکردنی ریفۆرمی کشتوکاڵیو هاندانی بزاڤی هەرەوەزی کشتوکاڵی لە گوندەکاندا, ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییانە لە رووی ئاراستەو قوڵاییانەوە دەگۆڕێن بە گوێرەی جیاوازی وڵاتەکان, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەك پێشەکییەکی فیکری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم هەر دەمێنێتەوە, هەروا گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێش دەگرێتەوە, کە جیاوازییەکی ریشەیی لەگەڵ پەیوەندی سەرمایەدارییەکاندا هەیەو ناکرێت لەناو سەرمایەداریدا دابمەزرێنرێت.
ماوەی قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم دەگۆڕێت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە, پەیوەستە بە بارودۆخی مێژوویی هەر وڵاتێك, لەوانەش ئاستی هێزە بەرهەمهێنەرەکان, پلەی پەرەسەندنی شێوەکانی خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانو, پارسەنگی هێزە کۆمەڵایەتییەکانو, رێسا مێژوویيو نەتەوەییەکان, هەروا بارودۆخی دەرەوەو بوونی سیستەمێکی سۆسیالیستی جیهانی, کاریگەری گرنگی هەیە لە دیارکردنی ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا (3) لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئینجا قۆناغی چارەسەری ئەرکە سەرەکییەکان دەست پێدەکات بۆ گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزمو, دیارترین ئەو ئەرکانە:
-لەناوبردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو, لە جێگەی ئەو پەیوەندییەکانی سۆسیالیستی دابمەزرێت.
-لەناوبردنی چینە چەوسێنەرەکانو, نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤو ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی دروست بوونی.
-دامەزراندنی بنەما ماددیو تەکنیکییەکانی سۆسیالیزم لە رێگەی:
1-بنیاتنانی پیشەسازییەکی پێشکەوتوو بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ.

2-زاڵبوون بەسەر فرە جۆری لە ئابووری نیشتمانیدا.
3-گۆڕینی بەرهەمهێنانی پیشەیی بچووك بەشێوەیەکی پلە بە پلە بۆ بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی هەرەوەزی گەورە.
4-گشتاندنی شۆڕشی کلتوری (4)
ئەنگلز دەڵێت "سۆسیالیزم توانستی دابینکردنی بارودۆخی ماددیانەی چاكو پێویست بۆ ژیان رۆژ لە دوای رۆژ بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دابین دەکات, هەروا پەرەستاندنی ئازادانەو کاملّو دابینکردنی پێداویستییەکانی ماددیو مەعنەوییەکان لە رێگەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دەکات", بنەماکانی ئابووری سۆسیالیستی لە قۆناغی گواستنەوەدا پتەو دەکرێت لە رێگەی:
-بنیاتنانی بنەمایەکی پیشەسازی سۆسیالیستی.
-پەرەپێدانی کشتوکاڵو گواستنەوەی لە تاکەکەسییەوە بۆ بە کۆمەڵی لە رێگەی وەرزیڕی هەرەوەزیو وەزیری دەوڵەت.
-لەناوبردنی توانستی دروستبوونی چەوساندنەوە.
-نەمانی پەیوەندییەکانی رکابەریو کێبەڕکێو, پەیەوەندییەکانی بازاڕی رەمەکی.
-چەسپاندنی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان.
لەبەرئەوەی ئابووری سۆسیالیستی بنچینەی ژیانە لە کۆمەڵگادا, بۆیە هەموو بوارەکانی دیکەی (سیاسی, کۆمەڵایەتیو, کولتوری) پەرەدەستێنن, دەوڵەتیش بەشداری لە کردنی کار بە پێویستییەکی گرنگی پلە یەك بۆ هەموو هاووڵاتییەك دەکات, کاتێك کە بەرژەوەندی ماددیو مەعنەوی بەرهەمهێنەران لە وەدەستهێنانی بەربوومی بەرهەمهێنان دێتەدی, ئەم بەرژەوەندییە لە رێگەی پیادەکردنی پرەنسیپی سۆسیالیستی لە دابەشکردنی دەستکەوتە ماددییەکان بەپێی بڕی کارکردنی سەرفکراوو چلۆنایەتییەکەی دابین دەکرێت.
دووەم: ململانێیە ئابوورییەکانی قۆناغی گواستنەوە (5)
لە ئەنجامی هەبوونی جۆرو شێوازی فرەیی ئابووری لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم, کە جیاوازن لە رووی سروشتی خاوەندارێتیو پەیوەندییەکان بە بەرهەمهێنانەوە, شتێکی ئاسایی دەبێت ئەگەر لەم قۆناغەدا چەندین ململانێی ئابووری سەرهەڵبدەن, کە نەگونجێن لەگەڵ سروشتی یەکگرتوویو بەیەکەوە پەیوەستی جۆری بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی, دەکرێت گرنگترین ئەم ململانێیانە کورت بکەینەوە وەك لە خوارەوە هاتووە:
1-ململانێی سەرەکی نێوان سۆسیالیزمو سەرمایەداری, چونکە تەنها بە وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی وانەی لەناوچوونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە رەگەوە نابەخشێت, بەڵکو کاریگەری ئەو پەیوەندییە هەردەمێنێت, چ لە ئاستی سیاسی یان ئایدیۆلۆژیی بێت, بۆیە قۆناغی گواستنەوە سیمای ململانێیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی زۆر توندی دەبێت لە هەندێك

حاڵەتدا, لە نێوان سۆسیالیزمێکی پەرەسندوو ئەو هێزانـەی کـە کاردەکـەن بـۆ گەڕاندنـەوەی سەرمایەداری.

2-ململانێ لە نێوان سروشتی دەسەڵاتی سیاسیو سەرخانی کۆمەڵگا, لەگەڵ دابـەزینی ئاسـتی بنـەمای مـاددیو تەکنـەلۆژی لـەو وڵاتانـەی کـە پێـشتر پەرەسـەندنێکی بـەرزی ئاسـتی پیشەسازییان بـەخۆوە نـەبینیوە, ئـەم ململانێیـەش زیـاد دەکـات کاتێـك کـە جـۆرو شـێوازی ئابووری زیادیان کرد لەم قۆناغەدا, کە دەبێتە قورستر بوونی گۆڕین لـە بنـەمای ئـابووریو گشتاندنی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە ئابووری نیشتمانیدا.

3-یـەکێك لـەو ململانێیانـە ئەوەیـە کـە لـەنێوان پیـشەسازی سوسیالیـستیی ناوەنـد کـراو لـە چوارچێوەی پە یوەندییەکانی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی سـەرەکیو لەنێوان بەرهەمهێنانی شمـەکی تاکەکەسـیو پەرتوبڵاووسـادە لـە هـەردوو بـواری پیـشەییو وەرزێـری دا.چـونکە جیـاوازی پەیوەندییـەکانو یاسـاو ئابورییـەکان لەهەردووکـەرت دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی نـارێکیو نـەمانی هاوسـەنگی لـەئابوری نیـشتمانیدا. هـەتا دەکرێـت پەرەسـەندنی هەرشـێوەیەك لەشـێوەکانی پەیوەندییـە سـەرمایە دارییـەکان لـەبواری بەرهەمهێنانی شمەکی سادەو بچوکدا قەدەغـە بکرێـت, کەئـەوەش دەرەنجامی زیـان بەخـشی لەسەر پەرەیبێدانی ئابووری سوسیالیستیدا دەبێت.بۆیـە دەوڵـەت دەبێـت بـۆ چارەسـەری ئـەم گرفتە هەستێت بە جێبەجێکردنی هەندێك کاری ئابوریو سیاسی بـۆ هەوڵـدان بـۆ گـۆڕینی بەرهـەمهێنانی شمـەکی تاکەکەسـی سـادە بـۆ شـێوازێکی هـەرەوزیو سوسیالیـستی لەبەرهەمهێناندا.

لەوانەی پێشتر باس کران بۆمان دەردەکەوێت کە هاوژیانی لەنێوان جۆرە ئابوورییـەکانی دژ بەیەك لە ناوەڕۆكو سروشتیاندا لەگەڵ سروشتی سیستەمی سوسیالیستیدا, ناکرێت. ئەوەش لـە سیـستەمە ئابورییـەکانی دیکـەدا نییـە.هۆیـەکانی زۆرن دەگەڕێنـەوە بـۆ, یەکـەمیان بـەردەوامبوون لەدابـەزینی ئاسـتی هێزەکـانی بەرهەمهێنـەر لەهەنـدێك جـۆری ئـابوری وەك جـۆری بەرهـەمهێنانی شمـەکی سـادە, رێگـە نـادات بـە پەیوەندییـە سوسیالیـستەکان تـا پەرەبسێنێت.دووەمیـان:پشتگیریکردنی سـەرخانی کۆمـەڵگا کـەخۆی لـە دەسـەڵاتی سیاسـیو دەزگـا کۆمەڵایـەتیو کەلتورییـەکان دەبینێتـەوە, وا دەخوازێـت کـە ژێرخـانێکی خـاوەن بنەمایەکی ئابوری یەکگرتوو هەبێتو لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا بگونجێت.

پەیوەندییە ئابورییەکان بەپێی تیۆری مارکسیزم - لینینیزم , بەرژەوەندییە راستەقینەکانی چینو توێـژە کۆمەڵایەتیـە جۆراوجۆرکـان بەرجەسـتە دەکـات. بەرژەوەندییـە راسـتەقینە ئابورییەکانی چینی کرێکارو توێژە بەرهەمهێنەرەکانی دیکە لە کۆمەڵگای سوسیالیـستیی دا, خۆی لەپەرەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکانو زیادکردنی بەرهەمی کـارکردنی کۆمەڵایەتیـدا دەبینێتەوە. بەڵام بەدیهێنانی ئەم ئامانجە مەحاڵە بەبێ چارەکردنی ئەوململانێیانەی لەبەر فرەجـۆری ئابوورییـەوە دروسـت دەبێـت بۆئـەوەی نەهێـشتنی شـێوەی بەرهـەمهێنانی

سەرمایەداری سەربگرێت‌و شێوەی بەرهەمهێنانی شمەکی سادەش بگۆردرێت, دەبێت شێوازی بەرهەمهێنانی سوسیالیستی لەئاستی کۆمەڵایەتیەوە پەرەی پێ بدرێت, کە ئەوەش یەکەم شت دەوەستێتە سەر پێشخستنی بنەمای ماددی‌و تەکنەلۆژی سوسیالیزم, کۆکردنەوەو تازەکردنەوەی کاری کشتوکاڵی‌و کەرتەکانی دیکەی ئابووری نیشتمانی.

سێیەم, سیما گشتییەکانی سۆسیالیزم وەك سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی

لە ڕێگەی داڕزان‌و رووخانی سیستەمی سەرمایەداری گواستنەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-ئابووری کۆمۆنیزم دێتەدی- ئەم پێکهاتەیەش لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیدا, بە دوو قۆناغ تێپەڕێ:

یەکەمیان (کۆمۆنیزم) بەشێوەیەکی پلە بە پلە دەبێت‌و, لە ماوەیەکی زەمەنی کورت یان درێژ دەبێت, کە دەوەستێتە سەر تایبەتمەندییە مێژوویی‌و نەتەوەییەکانی هەر کۆمەڵگایەك, دەتوانین ئەو تایبەتمەندی‌و سیفاتانەی سۆسیالیزم جودا دەکاتەوە دیاری بکەین بەمانە:

-بنەمای ئابووری-کۆمەڵایەتی لەخاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانداو, پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە پەیوەندییەکانی هاریکاری‌و یارمەتی یەکترى.

-هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبنە هۆیەك بۆ گلدانەوەی کاتیی کارکردن‌و کەمکردنەوەی کاریگەرێتییەکەی لە ڕێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی هێزی کار بەشێوەیەکی عەقڵانی‌و پلانداناو, زیادکردنی سامانی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی چاککردنی خۆشگوزەرانی تاکەکەس‌و کۆمەڵگا.

-کاری سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیەو, ناکەوێتە بەر چەوساندنەوە.

-ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنان دابینکردنی پێویستە ماددی‌و کلتورییەکانە کە لە زیادبووندان بە بەردەوامی, بۆ تاکەکەس‌و کۆمەڵگا.

-کارکردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە, لەسەر هەموو تاکەکەنی کۆمەڵ کە توانایان هەیەو, بەشداریکردن لە کارکردن دەبێتە پێوەری بەشداریکردن لە دابەشکردنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی.

بەمجۆرە دابەشکردنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەپێی چلۆنایەتی‌و چەندایەتی ئەو کارەی لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا سەرفکراوە, ئەنجام دەدرێت, سیماکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە مەیدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا دیاردەکرێت بەپێی ئەم خاڵانە:

1-لە مەیدانی ئابووریدا: شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە کاتی بوونی خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ کۆمەڵ بە گشتی دێتەدی, لە ڕێگەی خاوەنداریێتی دەوڵەت‌و خاوەنداریێتی هەرەوەزی, ئامانجی بەرهەمهێنانیش دەبێـە وەدەستهێنانی رادەی هەرەبەرزی دابینکردنی پێویستیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ماددی‌و رۆحی, کارکردنیش دەبێتە ئەرکێکی

**طرنطترين سيفاتي سؤسياليزم نةبووني ململانيي ضينايةتييةو, لةطةل نةماني ململانيي ضينايةتي لةناو كؤمةلَطادا, شةرو ركابةريش لة نيوان ميللةت و طةلاندا نامينيت**

سەپێنراو بەسەر هەمووانــدا, لەگەڵ پێویستکردنی بۆ پەیداکردنی کار بۆ هەموو ئەوانەی لە توانایاندا هەیە کاربکەن. بەرهەمهێنانیش لێرەدایە بەپێی پلانی دەوڵەت دەبێت و, بەرهەمەکانیش بەپێی کارکردن و بەپێی پرەنسیپی سۆسیالیزمی دابەش دەکرێت, کە دەڵێت (لەهەر یەکێك بەپێی توانستەکانی و, بۆ هەر یەکێك بەپێی کارکردنەکەی).

2-لە مەیدانی کۆمەڵایەتییدا, گرنگترین سیفاتی سۆسیالیزم نەبوونی ململانێی چینایەتییەو, لەگەڵ نەمانی ململانێی چینایەتی لەناو کۆمەڵگادا, شەڕو رکابەریش لە نێوان میللەت و گەلاندا نامێنێت, لێرەدا یاسای ژیانی کۆمەڵ دەبێتە چاودێریکردنی هەمووان بۆ چاکەی تاکەکەس و چاودێریکردنی هەر تاکێك بە چاکەی کۆمەڵ.

لە قۆناغی بنیاتنانی سۆسیالیزمدا, یەکسانی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ناهێزی دێتەدی, چونکە کارکردن هێشتا دابەش دەکرێت بۆ کاری بیروکاری بازوو, بۆ کاری پیشەسازی و کاری کشتوکاڵی و ئەم بارودۆخەش ناگونجانێك لەناو کۆمەڵگادا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەکات و, بوونی چینەکان وەك کرێکاران و جووتیاران و, وتوێژەکان وەك رۆشنبیران, وا دووپات دەکاتەوە کە هەندێك ململانێی ناتوندوتیژ بەردەوام بن لە پەیدابوون, کە دەکرێت چارەسەر بکرێن لە چوارچێوەی سیستەمی سۆسیالیستیدا لە رێگەی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام.

3-لە مەیدانی سیاسیدا: دەسەڵاتی سیاسی لە سیستەمی سۆسیالیستیدا دەبێت بە دەستی بەرهەمهێنەران و کارگەرانەوە بێت, بە سەرکردایەتی چینی کرێکاران, لەگەڵ بوونی حزبێکی پێشەوا کە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا رابەربێت, چارەسەری مەسەلە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان, لەسەر بنەمای هاوبەش پێکردنی جەماوەری دیموکراسیخوازی فراوانەوە دەبێت, لە رێگەی رێکخراوە میللییەکانەوە مارکس و ئەنگلز دووپاتی رۆڵی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕیان کردۆتەوە لە پرۆسەی گۆڕینی سۆسیالیستیدا, ئەو رۆڵەی کە چەندین هۆکار دیاری دەکەن, گرنگترینیان: (6)

أ-چینی کرێکار ئەو هێزە سەرەکییەی بەرهەمهێنانە لە کۆمەڵگادا.
ب-چینێکە کە لە هەمووان زیاتر بە دەستی چەوساندنەوە ناڵاندویەتی لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا.
ج-ئەو تاکە چینە کە بەرژەوەندی لە گۆڕینی خاوەندارێتی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان هەیە بۆ خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی.
د-ئەو چینێکی خاوەن بەرزترین رێکخستنە, لەناو هەموو توێژەکانی تری کۆمەڵگادا, لە رێگای کارکردنیان لە دەزگاکانی بەرهەمهێنانو راهێنانیان لەسەر دیسپلینو ریزبەندی خۆیان.
هـ-ئەوان زیاتر لە هەمووان بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستی قبووڵ دەکەن.
و-ئەوان لە هەمووان زیاتر شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازن, چونکە بە بەردەوامی بەستراونەتەوە بە نوێترین پەرەسەندنەکانی زانستو تەکنەلۆژیا, کە پەیوەندی بە تازەکردنەوەو پەرەپێدانی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە.
ئەوهاوپەیمانێتییەی لە نێوان چینی کرێکارانو جووتیارە زەحمەتکێشانو رۆشنبیرانو کارگەرانو سەرتاپای زەحمەتکێشان هەیە, دەبێت قووڵ بکرێتەوە, ئەو کاتە چینی کرێکار دەتوانێت کۆمەڵگا بە تەواوی لە چەوساندنەوە رزگار بکات, چونکە کۆمەڵگای سۆسیالیستی بەکردەیی, ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئەم مەرجانەی تێدابێت.
-نەمانی چەوساندنەوەو بەکارخستنی چینایەتیو نەتەوایەتی.
-نەهێشتنی بێکاریو برسێتیو هەژاریو دواکەوتوویيو نەمانی متمانە بە سبەی.
-زامنکردنی مافی هاوولاتی لەکارکردنو پشوودانو خوێندنو چاودێری تەندروستیو نیشتەجێبوونو زامنکردنی ژیان لە کاتی پیربووندا.
-بەردەوامبوونی گەشەی ئاستی ماددی گوزەرانو, بەرجەستەکردنی زانیاریو کلتوری جیهانیو خۆجێیی.
-بەشداریکردنی بەرهەمهێنەران لەبەڕێوەبردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەو پرۆژانەی کاریان تێدا دەکەنو, بەشداریکردنیان لە ژیانی رۆژانەی ئەو ناوچانەی کەتێیدا دەژیین.
هەروا سیستەمی سۆسیالیستی هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی دەداتو هاریکاریو چەك دەماڵیین لە نێوان وڵاتە جۆراو جۆرەکانی جیهاندا, بەدی دێنێت.
لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە هەندێك لایەنی کەمو کورتی لە سیستەمی سۆسیالیستیدا بدەین, هەرچەندە ئەم کەموو کورتیانە رووە باشەکانی ئەو سیستەمە داناپۆشن.
دەتوانین سیماکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی (بەپێی دەستووری یەکێتی سۆڤیەت) بەم شێوەیە دیاربکەین:

-هەبوونی هێزێکی بەرهەمهێنی بە تواناو, زانستێکی پێشکەوتوو, کلتورێکی پێشەوایانەو, بە بەردەوامی ئاستی ژیاری لە کۆمەلگادا بەرزدەبێتەوەو, بارودۆخەکە وا پێك دێت کە بگونجێت بۆ پەرەپێدانی تاکەکەس لە هەموو بوارەکاندا.
-هەبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی, کە نزیکبوونەوە لە نێوان چینو توێژە کۆمەلآیەتییە بەرهەمهێنەکان دروست دەکاتو, یەکسانی کردەییو مافەکانی هەموو میللەتانو نەتەوەکان مسۆگەر دەکاتو وایان لی دەکات کە هاوکاری یەکتربن.
-هەبوونی رێکخستنێکی بەرزو دڵسۆزی فیکریو هۆشیاری بەرز لەلایەن کارگەران کە خاوەنی بۆچوونی نیشتمانیو ئەنتەرناسیۆنالین.
-سەروەری یاسا (چاودێریکردنی هەمووان بۆ چاکەی تاکە کەسو چاودێری تاك بۆ چاکەی کۆمەڵ).
-هەبوونی دیموکراسیەتی راستەقینە لەرێگەی بەشداریکردنی بەرهەمهێنەران لەژیانی دەوڵەت بەشێوەیەکی زیاترو, کۆکردنەوەی مافەکانی هاوولآتیانو ئازادییە کردەییەکانیان لەگەڵ ئەرکەکانو بەرپرسێتیان لە بەرامبەر کۆمەلگادا.(7)
چوارەم: یاسای ئابووری سەرەکی سیستەمی سۆسیالیزمی:
ژیانی ئابووری لەهەر کۆمەلگایەکدا بەپێی یاسای دیاریکراو دەڕوات بەڕێوە, نەوەك بەپێی حەزی تاکەکانی ئەو کۆمەلگایە, یاساکانی ژیانی ئابووریو چالاکییە ئابوورییەکان روویەکی مەوزوعییانە بەخۆوە دەگرن, لەرێگەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان, بۆیە دەبینین کەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان،سیستەمی ئابووری لەکۆمەلگادا دیار دەکات، کە دەکاتە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك لەبواری بەرهەمهێنانی خێراتە مادديیەکانو دابەشکردنیانو گۆڕینەوەیانو بەکارهێنانیان. بەلآم بنەمای سیستەمی ئابووری دەکاتە شێوەیەکی دیاریکراو لەخاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان, کە ئەویش پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان چینو توێژە کۆمەلآیەتییەکان لە کۆمەلگادا دیار دەکات, هەروا سیستەمی ئابووری ئاستی پەرەسەندنی کۆمەلآیەتی روون دەکاتەوەو, پێکهاتەی کۆمەلآیەتی ئابووری دیار دەکات بۆ هاوکێش بوون لەگەڵ سەرخانی سیاسیو مافپەروەری.
خاوەندارێتی کۆمەلآیەتیوهۆیەکانی بەرهەمهێنان بنەمای ئابووری سۆسیالیستی پێك دەهێنێت، سۆسیالیزمیش بنەمایەکی ماددیو تەکنەلۆژی هەیە, کە خۆی لە پیشەسازی ئامێری گەورەو پێشکەوتوو دەبینێتەوە, لەگەڵ ئۆتۆلیزە کردنی کارەکان لەهەموو لقەکانی ئابووری نیشتمانی.(8) (سۆسیالیزم, بە سەپاندنی خاوەندارێتی کۆمەلآیەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان, ئابووری نیشتمانی لە یەکەیەکی تەواو کامڵدا کۆ دەکاتەوە, سەرجەمی ئابووری نیشتمانی دەبێتە بوارێك بۆ چالاکی هۆشیارو پڕ ئامانج, وەك بەرهەمهێنان لەچوار چێوەی هەر دەزگایەك بەتەنهاو, لە کۆمەلگا سۆسیالیستیدا خەڵك لە یاسا ئابوورییە

مەوزوعیەکان دەگاتو، جلەویان لەدەست خۆیاندایەو، بەکاریان دەهێنن بۆ پراکتیزە کردنی بونیاتنانی ئابووری، بە جۆرێك کە چاکەی هەموو کۆمەڵگای تێدا بێت). (9)
یاسای سەرەکی ئابووری سۆسیالیزم، تایبەتمەندی شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی دەردەخاتو، بەشێوەیەکی جەوهەریش جودایە لەگەڵ شێوە مێژووییەکانی شێوازی بەرهەمهێنان لەپێش سۆسیالیزمدا، ئەگەر یاسای قازانج بووەتە یاسای سەرەکی ئابووری سەرمایەداری، ئەوا خۆشگوزەرانی سەرتاسەری (جێبەجێ کردنی پرەنسیپی دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکەکانو تێرکردنیان) و پەرەپێدانی کەسایەتی تاکە کەس، دەکاتە یاسای سەرەکی ئابووری سۆسیالیزم، ئەوەش واتەی تێکەڵکردنی راستەوخۆی نێوان بەرهەمهێنەرو هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبەخشێت، کاتێك هیچ کۆمەڵەیەك لەکەسایەتی هۆیەکانی سەرەکی بەرهەمهێنان بۆ خۆیان قۆرغ ناکەنو، هێزە بەرهەمهێنەرەکان سروشتێکی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرنو، بەکاری دەهێنن بۆ زیادکردنی بەرهەمی کارکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کەسەکانی کۆمەڵگا، هەروا کاتێك کۆمەڵگا کاردەکات بۆ تێرکردنی پێویستییە ماددیو مەعنەوییەکانی تاکە کەس، ئەوا بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا لە دەرئەنجامدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تاکە کەسەکان، دەبێتە یەکەیەکی کامڵ، چونکە بەرزکردنەوەی ئاستی تاکە کەس لەلایەکی دیکە بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.
ئەوەش واتای یەکبوونی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو تاکەکان دەبەخشێت، ئەو کارەی دەبێتە هۆی گۆڕینی کارکردن بۆ چالاکیەکی داهێنەرانەو، لەجیاتی رکابەری لەنێوان کرێکارەکان لەبازاڕی کارکردن، ئەوا کێبەرکێی سۆسیالیستی لەنێوان بەرهەمهێنەراندا لەکاتی سۆسیالیزمدا جێگەی دەگرێتەوە، ئەوانە جگە لەوەی کە کاری ئامێریو ساناکردنی مەرجەکانو جێبەجێ کردنی یەکسانی لە کارکردندا ئەنجام دەدەن، مەرجەکانی ماددی بۆ گۆڕینی کارکردن بۆ چالاکییەکی داهێنەرانە دروست دەکاتو، پرۆسەی تێرکردنی پێویستییەکان لەکۆمەڵگای سۆسیالیستیدا دەگۆڕێت بۆ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیو، دەکەوێتە ئەستۆی هەموو کۆمەڵگا.
(پێویستیەکانی تاکە کەس تەنها لەسەر پێویستییە فیسیۆلۆژیە گوزەرانییەکان ناوەستێت، بەڵکو پێویستە مەعنەوی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە، بەوەی کە بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت، ئەو یەکبوونەی پێویستە ماددیو مەعنەوییەکان لەبەر یەکبوونی ئۆرگانێکی نێوان تاکە کەسو کۆمەڵگا دروست دەبێت، چونکە پێویستیەکانی تەنها لەبەر بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بەکارخستندا سنووردار ناکرێت، بەڵکو بەزیاد کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانو پێشخستنی ئەو هۆیانەش دەبێت).(10)
پێویستییە مرۆڤایەتییەکان وەك خۆی نامێننەوە، بەڵکو لەپەرەسەندنی بەردەوام دان، هەر بۆیە چەمکی تێرکردنی تەواوی پێویستییە مرۆڤایەتییەکان دەبێتە شتێکی رێژەیی (نسبی)

بۆ وەدەستهێنانی تێرکردنی تەواوی مەرجی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانو دارشتنەوەی سیاسەتێکی ئابووری گونجاو دێتە پێشێ.
(ئاستی تێرکردنی پێویستییەکان بەستراوەتەوە لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان, بەڵام شتی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگای سۆسیالیستی وەك رێکخستنێکی هۆشیارانەو بە ئامانج دەتوانێت رووبەرووی بەرهەمهێنانو دابەشکردن ببێتەوە بۆ تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتیو تاکە کەسییەکان بەپێی ئەو پەیژەیەی کە زۆریی داهاتەکانی بەردەست دیاری دەکەن. لەلایەکی دیکەش کۆمەڵگای سۆسیالیستی بایەخدانی خۆی چر دەکاتەوە لە دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی هەموو ئەندامەکانی، وەك خواردنو جێگەی نیشتەجێبوونو فێربوونو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان, پاشان لیستی پێویستییەکان لەزیادبووندا دەبێت لەگەڵ زیادبوونی توانستەکانی تێرکردن). (11) ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی وەفادارییە بەدابینکردنی پێویستیەکانی بەرهەمهێنەرانو سەرجەمی گەل.
سۆسیالیزم دژە لەگەڵ سەرمایەداریدا بەشێوەیەکی ریشەیی, چونکە نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەت هۆیەکانی بەرهەمهێنانو گۆڕینی بۆ خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی, دەبێتە هۆی گۆڕینی رووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵگا, لەدوای ئەوەی ئامانجی بەرهەمهێنان وەدەستهێنانی قازانج بوو بۆ خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانو چەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان لە سیستەمی سەرمایەداریدا, ئامانجی بەرهەمهێنان لە سیستەمی سۆسیالیستیدا دەبێتە دابینکردنی پێویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا لەرووی ماددیو رۆحییەوە, هەروا دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ چەوساندنەوە, هەروا ئەرکی کارکردن لەسەر هەمووان فەرز دەکات چونکە (ئەوەی کارنەکات ناخوات), بەمجۆرە کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی دژکارییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی یەکبوونی بەرژەوەندییەکانی بەرهەمهێنەرو کارگەراندا دەگۆڕێت, لێرەدا پرەنسیپی سەرەکی سۆسیالیزم بەرجەستە دەکرێت (لەهەر یەکێك بەپێی تواناو بۆ هەر یەکێك بەپێی کارکردنی) و یەکێتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فکری دووپات دەبێتەوەو, جیاوازییە چینایەتیو کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کەمبوونو لەناو چوونی پلە بە پلە دەچن. (12)
سیستەمی سیاسی سۆسیالیزم لەهەر وڵاتێکدا بەوە دەناسرێت, رۆڵی سەرکردایەتی چینی کرێکارو ئەو حزبەی دەوڵەتو کۆمەڵ رێبەرێتی دەکات, زەرورەتی هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی دەوڵەتو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانو, راکێشانی جەماوەر بۆ بەرێوەبەردنی کۆمەڵگاو دەوڵەت.

**★میکانیزمی کاری سیستەمی ئابووری لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا:**

وڵاتـە سۆسیالیـستییەکان لـەڕووی ئاسـتی پێـشکەوتنی هێـزە بەرهەمهێنەرەکانـدا, جیاوازیـان هەیە, بەڵام لەهەندێك بواری ئـابووری سۆسیالیـستیدا مـەرجی سـەرەکی هەیـە کـە دەکرێـت هەموویان هاوبەش بن. لەوانە:

1-خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی سەرەکی.

2-جێبـەجێ کردنـی پێویـستییەکانی ئەنـدامانی بەرهەمهێنـەر لـە کۆمەڵدا (تاکـە کەسـیو کۆمەڵایەتی).

ئـەوەش بـە ئـامێری سیـستەمی ئـابووریو ئامـانجی دادەنرێـت, کـەوا دەخوازێـت دەسـەڵاتی سیاسی بکەوێتە دەست چینی کرێکارو, بەهەبوونی حزبێکی پێشەوا کە دەوڵەتو کۆمـەڵگا بەڕێوە ببات.

3-ئـابووری نیـشتمانی بەشـێوەیەکی پلانـدانان بـەڕێوە دەچێتو, بەرهـەمهێنانیش بـەپێی پلانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت.

4-یاسای دابەشکردن لێرەدا دەبێتە (بۆ هەریەکێك بەپێی کارەکەی). (13)

ئەوانـەن ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـە سیـستەمی ئـابووری سۆسیالیـستی جـودا دەکەنـەوە لـە هاوشێوەکەی سەرمایەداری.

سیستەمی ئابووری لە سۆسیالیزمدا, میکانیزمی بازاڕو کێبەرکێی قازانجی تاکە کەسـی هـەڵی ناسـوڕێنێت, بـەڵکو بەشـێوەیەکی سـەرەکی پلانـی ئـابووری کـە هـەوڵ دەدات پێویـستیەکانی کۆمـەڵگا دابـین بکـات هـەڵی دەسـوڕێنێت, کـە ئـەوەش گوزارشـتە لـە ئامانجەکانی کۆمـەڵگاو حـەزەکانی قـازانجیش وەك وەسـیلەیەك سـەیر دەکرێـت نـەوەك ئامـانج بێـت, بـازاڕیش بـەکاردەهێنرێت لەچوار چێوەی پلاندانانـدا وەك ریگەیـەك بـۆ چالاککردنو خزمـەتکردن, نەوەك ببێتە هەڵسوڕێنەری هەموو کارەکان هەروەك لە سیستەمی سەرمایەداری هەیە.

## بەشی چوارەم:
## (سۆسیالیزم وەك سیستەمێکی ئابووریو کۆمەڵایەتی)

### -قەیرانی سیستەمی سۆسیالیستی

هەڵگەڕانەوەی ئەزموونی سۆسیالیستیو گواستنەوە بۆ ئابووری بازاڕ:

هەڵسوکەوتی بیرۆکراسیانە ئاسـەواری سـەلبی جێهێـشتو, بەشـێوەیەکی زۆر نارێـك کـەمو کـورتی نوانـد لـە بەجێگەیانـدنی دەسـتکەوتە سۆسیالیـستییەکان, کـە دەکـرا لـە وڵاتـە سۆسیالیستییەکانو لەم ماوە دوورو درێژەدا کە زیاتر لە حەفتاساڵ بوو جێبـەجێ کرابایـە. (بیروکراسـیەت لـە وڵاتـە سۆسیالیـستییەکاندا, بـەپێی تێگەیـشتنی خـۆی, لـەجیاتی ئـەوەی جەماوەری کارگـەر مافـە مێژوویـەکانی خۆیـان لـە خاوەنـداریێتی هۆیـەکانی بەرهـەمهێنانو, دابـەش کردنـی بەرهەمـەکان لـە بەرژەوەنـدی ئـەوان, جێبـەجێ کرابایـە,کەچـی گـۆڕان بـۆ کرێگرتە، کە لەلایەن خاوەن موڵکەکانی هۆیـەکانی بەرهـەمهێنانی تـازە کاریـان دەکـرد (کـە

دەكاتە دەوڵەت) وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ سەرمایەداری یان فیودالی, بۆیە شێوەو جۆرەكانی بەرهەمهێنان گۆڕدران و, بەداهاتی بەرهەمهێنانیشەوە, بەلام بەبێ ئەوەی وەزعی جەوهەری و راستی كرێكاران بگۆردرێت, بەجۆرێك كە بەگوێرەی رۆڵی بێت لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا, چونكە سۆسیالیزم و فیكری سۆسیالیستی, وا دەكات كە خاوەنداریێتی هۆیەكانی بەرهەمهێنان بۆ سودی ئەوان بێت وەك تاكە كەس و بە كۆمەڵ, كە ئەوەش بەهیچ شێوەیەك ناكرێت هان بدرێت بۆ ئەوەی لەو مافەی خۆیان خۆش بن.(1)

لەبەر دەسەلاتگرتنە دەستی بیرۆكراسییەكان و, سروشتی پێكهاتەی ئەو توێژانە, وەزعی ئابووری بەچەند شێوەیەك رەنگی دایەوە:

-كشانەوەی بەرهەمهێنانی كۆمەلایەتی, لەڕووی چەندایەتی و چلۆنایەتی.

-كەمبوونەوەی رێژەی پەرەسەندنی ئابووری, لەگەڵ رەنگدانەوەی لە كەمبوونی رێژەی گەشەسەندنی كۆمەلایەتی.

-تێكچوونی هاوسەنگیی ئابووری سۆسیالیستی, كە ئەوەش لەچەند دیاردەیەك بەدەركەوتن (نەبوونی داهاتەكان, دابین نەكردنی پێداویستییەكانی خەڵكیی,خراپ دابەشكردنی بەرهەمەكان), ئەوانەش بوونە هۆی نقومبوونی تاكە كەس لەناو خەمەكانی ژیانی رۆژانەدا.

-دەركەوتنی ئەم دیاردانە لەسەر رووی ژیانی كۆمەلایەتی لەولاتە سۆسیالیستیەكان, بەڵكو ریشەی گەیشتنە ناو هەناوی كۆمەڵگای سۆسیالیستی, لەدوای چەندین ساڵ دەسەلات, رۆڵی كاولكاری بیرۆكراسیەت دەردەخات, فەشەل هێنانیان لە ئەنجامدانی هەر پەرەسەندنێكی مێژوویی لە كۆمەڵگای سۆسیالیستیدا, ئەوەش دەردەخات كە لە قۆناغی داهاتوودا, ئەركی فیكری سۆسیالیستییەكە بەرەنگاری و چارەسەری گرفتی بیروكراسیەت بكات و, لەم قەیرانە رزگار بێت. (2) لەسەرەتای هەشتاكاندا سەرۆكی سۆڤیەتی گۆرباچۆڤ بەرنامەیەكی بۆ دووبارە بونیاتنانەوە بانگەشە كردوو ناوی نا بیۆرسترۆیكا.

1-بەرنامەی بیرۆسترۆیكا: بەرنامەی نموونەی سەرانسەری بوو بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵگای سۆسیالیستی لەرێگەی گەشەسەندنی چلۆنایەتی ئابووری و بلاوكردنەوەی دیموكراسیەتی سۆسیالیستی و فراوانكردنی بۆ هەموو بوارو ئاستەكان, هەموو ئەو گۆڕانكارییانەی لە بەرنامەكەدا هاتوودەبارەی خاوەنداریەتی سۆسیالیستی هۆیەكانی بەرهەمهێنانە, چونكە پێشتر خاوەنداریێتی دوو جۆر بوو, هەرە وەزی و دەوڵەت (لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان خاوەنداریێتی دەوڵەت گرنگی خۆی لەدەست داو, كارگەران وا هەستیان دەكرد كە خاوەنداریەتیەكی بێ خاوەنەو ناگەرێتەوە بۆ كەس و ئەوان نامۆن پێی), ئەم كارەش ئاسەواری سلبی لەسەر پەرەسەندنی ئابووری لەو ولاتانەداو لەسەر بەرژەوەندی كارگەرانی بەرهەمهێنەریش هەبوو.

چەمكی تازەی خاوەنداریێتی سۆسیالیستی, باس كراوە كە خاوەنداریێتیەكی یەكگرتووەو دابەش ناكرێت، بەلام شێوەی جۆراو جۆری هەیە لەوانە, حكومی و هەرەوەزی و شارەوانی بە

کۆمــەڵو تاکــە کەســی خاوەنــدارێتی دەوڵــەتیش بەشــتێکی ســەرووی ئەوانــە دادەنرێــت، بیۆرســترۆیکا هــەروەك گۆرباچۆڤ باســی دەکات، هــەوڵ دەدات هــەر شــتێك لەجێگــەی خــۆی بێتو، ئامانجی بەدیهێنانی پرەنسیپی سۆسیالیزم لە (لەهەر یەکێك بەپێی توانـای و بـۆ هـەر یەکێك بەپێی کارەکەی) و هەوڵی بەجێهێنانی یەکسانی کۆمەڵایـەتی دەداتو، پابەنـدیش بـۆ هەموو تاکەکانە.

(لەنیوەی دووەمی حەفتاکاندا، هەنـدێك شت رویانـدا کـە تەفسیر کردنیـان قورسـە، چونکە وڵات هێڵەکانی پێشکەوتنی بزرکردبوو، بزاڤی ئابووری وەسـتانی تێکەوتبوو، تەگـەرەکان کۆ دەبوونەوەو زیادیان دەکرد، گرفتەکان بەبێ چارەسەری مابوونەوەو، لەژیانی کۆمەڵایەتیـدا، هەندێك دیاردەی وەستاو چەق بەستوو پەیدا ببون، کە هەموویان نامۆ بوون لـە سۆسـیالیزم . هێڵەکانی پەرەسەندنی ناوخۆ کە لە پلانی پێنچ ساڵی دواییـدا هـاتبوو کـەمی کردبـوو بـۆ کـەمتر لـەنیو، تـاوای لێهات لەسـەرەتای هەشـتاکاندا نزیـك بووینــەوە لـە وەسـتانێکی تـەواو ئابووری‌و، لە پیشەسازی قورسـدا کـێ بـەرکێی چـەندایەتی سـەری هەڵـدا وەك ئامانجێـك بـۆ خۆی، لە کاتێکدا موستەهلیك لەلای ئێمە کەوتە بەردەسەڵاتی بەرهەمهێنەرو، ناچار کرا کـە ئەو شتانە بەکار بهێنێت، کە بەرهەم هێنەر بۆی داناون !، لە دەرئەنجامدا، تەنها چەندایەتی هەبوو شمەکیش بەپێی داخوازیەکان نەبوو).(3)

دیراسەکان وایان دەرخست کەوا رێرەوی پەرەسەندنی ئابووری لە وڵاتـە سۆسیالیـستییەکانو بەتایبــەتی لــە یــەکێتی ســۆڤیەت، هەنــدێك نــارێکی‌و چــەق بەســتوویی‌و هەنــدێك جــار هەڵگەڕانەوەشی بەخۆوە گرتبوو، بەجۆرێك کە رێژەی داهاتی نەتەوەیی ساڵانە دابەزیی، لە 7.8٪ کە لە پلانی پێنج ساڵەی هەشتەم (1966-1970)دا هەبوو، بۆ 3.6٪ لە پلانی پێنج ساڵەی یازدەهەم (1981-1985)، ئەو خاڵانەی خوارەوە ئەم مەسەلەیە روون دەکاتەوە:

-قەیرانی بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت لـە بـواری بەرهـەمهێنانی پۆڵاو کەرەسـتە خاوەکـانی‌و سەرچاوەی توانا بەهۆی زیادبوونی بەکار هێنانی بێ سوودو زیادبوونی رێژەی بە فیڕۆدانی.

-یـەکێتی سـۆڤیەت ناچـار بـوو ملیۆنــەها تــەن لــەدەرەوە بهێنــێ، لــە کاتێکـدا ئـەم وڵاتـە لـە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی دانەوێلەیە لەجیهاندا.

-هەڵگەڕانەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستی‌و پزیشکییەکان.

-دواکــەوتنی تــەکنیکی‌و پیــشەسازی تــەکنۆلۆژی‌و پێــشکەوتنی زانــستی تــەرخان بــۆ ئامانجــە ئابووریەکان، بەجۆرێك کە ئاستەکەی زۆر لە ئاستی وڵاتە رۆژئاواییەکان نزمتر بوو.

هەروا کۆمەڵگای سۆسیالیستی تووشی نارێکی‌و لەرۆزکی بوو لە ئاستەکانی بەها ئایدیۆلۆژی‌و ئەخلاقیەکانەوە، زیاتریش چەقبەستوویی ئابووری بەدەرکەوت.

دەکرێت گرنگترین هۆیەکانی ئەو دەرکەوتنو نارێکی‌و بێ جوولەیی ئابوورییـە بـەم شـێوەیە دیار بکرێت:

1-خێرانەکردنی گۆڕان لەکاتی گونجاودا لەڕێگەی پەرەسەندنی فراوانی ئاسۆیی بۆ ڕێگەی پەرەسەندنی چڕکراو.
2-شێواندنی خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتیو بەکۆمەڵ, وای لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کردبوو کە نەگونجێت لەگەڵ پەرەسەندنی پێویستو گونجاو بۆهێزە بەرهەمهێنەرەکانو بەرهەمهێنانی کاری بە کۆمەڵ.
3-کەمتەرخەمی لە کۆکردنەوەیەکی هاوشێوە لەنێوان کارگێڕی ناوەندی ئابووری نیشتمانیو سەربەخۆیی ئابووری دەزگاکانو فراوانکردنی دیموکراسیەت بۆ ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن.
4-جیاوازی زۆر لەنێوان نرخو بەهای ڕاستی هەندێك شمەکی بەرهەمهێنانو بەکارخستن لەنێوخۆدا لەگەڵ هەڵسو کەوت لەگەڵ جیهانی دەرەوە.
ئەو بەرنامەیەی بیرۆستڕۆیکا هاتووە بۆ لەناوبرنی دیاردەکانی ناڕێکیو بێ جوولەیی لە ئابووری ئەو وڵاتانەدا, زنجیرەی گرنگی کاری پڕۆسەی گۆڕین لەیەکێتی سۆڤیەت خۆی لەزیادکردنی ڕێژەکانی پەرەسەندنی ئابووریدا دەگرێتەوە, بەوەی کە ستراکتۆری ئابووری نیشتمانی چاك دەکاتو, تازەترین دەستکەوتەکانی زانستو تەکنیك بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی وڵاتو چاککردنی چلۆنایەتی بەرهەمەکان بەکار بهێنرێت, کە ئەوەش پێویستی بە چاکسازی کارگێڕیو سەرجەم میکانیزمی ئابووری هەیە. (4)
پەرەسەندنەکانی دوایی لە یەکێتی سۆڤیەتدا، سەلماندی کە پڕۆژەی بیرۆستڕۆیکا تەگەرەی تێکەوت ئەویش لەبەر چەند هۆیەك بوو گرنگترینیان: پاشماوە قورسەکەی ڕابردووی پەککەوتوو لەلایەکو، فشاری نێو دەوڵەتیو, هەڵەکانی سەرکردایەتی سۆڤیەتیو وەهمییەکانیان لەلایەکی دیکە, لە ئەنجامی ئەو یارمەتییەی بیرۆستڕۆیکا بە بۆرژوای سەرمایەداری لە یەکێتی سۆڤیەت بەخشیو, هانی (ئابووری بازاڕ)ی بەشێوە سەرمایەدارییەکەیو بوژاندنەوەی کەرتی تایبەتیدا, گۆرباچۆڤ ڕووخاو سیستەمی سۆسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە, بەڵکو یەکێتی سۆڤیەت بەگشتی ڕووخاو، بوو بە ژمارەیەك کۆماری دژ بەیەكو, ڕوسیاش بە سەرکردایەتی (یەلتسن) لە ئابووری بە پلانەوە بۆ ئابووری ئازاد-ئابووری بازاڕ گوازرایەوە.
لە ئاستی سیاسیشەوە, حزبی شیوعی سۆڤیەتی لاواز کراو, تا گەیشتە هەڵوەشاندنەوەیو بردنی هەموو ئەملاكو بەدواکەوتنی کادیرەکانیو زیادەڕۆیی لەسەر سیمبولە مێژووییەکانی, وای لێهات کۆمەڵگا کەوتە بۆشاییەکی سیاسییەوە, ڕاستتر بگوترێت کەوتە ئاژاوەیەکی سیاسییەوەو, هەزاران هێزو بزاڤی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینی سەریان هەڵداو, گرفتە نەتەوەییو ڕەگەزییەکان هەڵتەقینەوە بەشێوەی توندو تیژیو یەکێتی کۆمەڵگاو دەوڵەتی خستە مەترسییەوە, چونکە فرە نەتەوەیی بوو، هەر نەتەوەیەك کۆمارێکی تایبەتی دامەزراندو دەسەڵاتو دەوڵەتی خۆیو سەروەری خۆی پێکهێنا.

ئـەزموونی سۆسیالیـستی ئـەوەی درکانـد کـە بونیاتنـانی سۆسـیالیزم ئامـانجێکی دووره بـەبێ گەیشتن بە چەند قۆناغێکی گواستنەوە, هەروا پێویستی بە گەشەسەندنی سەرتاسەری هێزە بەرهەمهێنـەرکان‌و پلـەی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایـەتی‌و ئاسـتی ئازادیـەکان‌و مافـەکانی مـرۆڤ هەیەو, لەئاستی پەیوەندییە سیاسیەکانی ناو دەوڵەتان‌و لەنێوان گەلان‌و میللەتاندا.

2-ئایا ئەزموونی سۆسیالیستی فەشەلی هێنا؟

تا ئێستا ئەو گفتوگۆو یاسانەی پێشکەش کراون, نـەیانتوانیوە تەفسیری فەشـەلی ئـەزموونی سۆسیالیستی لە یەکێتی شۆڤیەتی پێشوو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپیـدا بکـەن, (5)و هـەموو هۆکارە شاردراوەکانی دیار بکەن, ئەم بابەتە پێویـستی بـەزیاتر لێکۆڵینـەوەو گفتوگـۆ هەیـە, لەگـەڵ لەسـەرخۆیی‌و خێرایـی نـەکردن لـە پێـشکەشکردنی بڕیـارو شـیکارەکاندا, تـا ئێـستا ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوەو سیاسیەکان خێراییان کرد لە پێـشکەشکردنی لێکۆڵینـەوەی سـادەو رووکەش, کە فەشـەلی ئـەو ئەزموونـە دەگەڕێننـەوە بـۆ پلانـی ئیمپریالیـەکانی دەرەوە, یـان وەرگێڕانی دیارکردنی رۆڵی سوپەرمانەی (گۆرباچۆڤ), کـە توانیویـەتی رێـڕەوی رووداوەکـان بگۆڕێـت, ئـەم بۆچـوونە سـادەییە بـۆ روداوەکـان بـەس نییـە, بـەڵکو دەبێـت بـەقووڵی لـە رووداوەکـانی بکۆڵرێتـەوەو, میتـۆدێکی گونجاو بـۆ نزیکبوونـەوە لـە راسـتییەکان‌و ئەوانـەی رووەدەن بگیرێتە بەرو, دژکاری‌و ئاڵۆزییـەکانی لەگـەڵ پەرەسـەندنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە ساڵی (1917)و بەدرێـژایی زیـاتر لـە حـەوت دەیـە سـاڵ شـرۆڤە بکرێـت, ئـەوەش ئـەرکێکی ئاسـان نییـە, بەتایبـەتی چـونکە ئـەو مێـژووەی لـەم ماوەیـەدا نووسـراوە, بەشـێوەیەکی مەوزوعیانەو سەرتاسەری نەنووسراوەتەوە, بۆیە بەمێژوویـەکی کـەم‌و کـورت دەمێنێتـەوەو راستەوخۆ بەسەریدا سەپێنراوە بەجۆرێ کە لەخزمەتی دەسەڵاتدا دابێت.

خـاڵی وەرچـەرخان‌و هەڵگەڕانـەوە, لـە ئـەزموونی سۆسیالیـستی یـەکێتی سـۆڤیەت‌و وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ئەوروپادا لەکوێیە؟ دیارکردنی ئەم خاڵە گرنگیەکی زۆری هەیـە, هەنـدێکیان بـە چـرکەی سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە (1917) دیـاری دەکـات, هەنـدێکیی دیکـە دەستپێکی لەگەڵ وەرگرتنی ستالین بۆ دەسـەڵات لـە دوایـین سـاڵەکانی سـییەکاندا دایـدەنێن, هەنـدێکی سـێیەم وەرچـەرخانەکە لەگـەڵ وەرگـرتنی گۆرباچـۆڤ بـۆ دەسـەڵات لەنیـسانی (1985) دیـاری دەکـەن, کەسـانێك هـەن خـاڵی وەرچـەرخان لەگـەڵ دابەشـبوونی بزاڤـی کۆمۆنیستی جیهانی (ناکۆکی سۆڤیەتی-چینی) دیاردەکەن, هەنـدێك هـەن تـەوەری ئـابووری لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا بـە بـەرپرس لـە فەشـەل دەزانـن, لەگـەڵ دەسـتپێکی هەڵگەڕانـەوەی ئـابووری, بەتایبـەتی کاتێـك کـەهێزە بەرهەمهێنـەرەکان گەیـشتنە خاڵێـك کـە پێویـستی بـە چارەسەری ریشەیی هەموو گرفتە ئابووریەکان بوو.

بۆ تێگەیشتنی فەشەلی ئەزموونی سۆسیالیستی, دەبێت لە بەجیهانیبوونی ململانێی نێوان هەردوو هێزە سەرەکییەکەی سەرگۆی زەوی بگەین (سەرمایەداریو سۆسیالیستی) کە ئەمەش پێی دەگوترێت بارودۆخی دەرەوەی سنووری ئەزموونەکە, ئەم فەشەلە رووی نەدەدا ئەگەر بارودۆخێکی دەرەوە نەبوایە (پلانی دوژمنان), بەڵام ئەم پلانانە نەیاندەتوانی ئامانجەکانیان بهێننە دی ئەگەر توانستو زەمینەیەکی لەباری بۆ ئامادە نەکرابێت.

ئەوەی روویدا لە ئەزموونی سۆسیالیستی, شتێکی ناکاوو چاوەڕوان نەکراو نەبوو, بەڵکو کەڵەکە بوونی دوورو درێژو ئاڵۆزی چەندین گیروگرفت بوو کە بەدەرکەوتنو, توانستی بەرەنگار بوونەوەیان نەبوو, تاوای لێهات لەکۆتاییدا بوو بەهۆی رووخانی خێراو تراژیدی هەموو ئۆردوگای سۆسیالیستی, ئەو فەشەلەی ئەزموونی سۆسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت تەنها واتای گۆڕانی خەیار نەبوو لە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتییەوە بۆ سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی دیکە, بەڵکو واتای گۆڕینی بنەماو کارگێڕی ئابووریەکانیش دەگەیەنێتو, هەروا گۆڕینی تایبەتمەندییە کارگێڕییەکانی دەوڵەتو, هەڵگەڕانەوە لە رۆڵی هێزێکی زلهێزو مەیدانەکەی بەجێ هێشت بۆ سیستەمی سەرمایەداریو سەرمایەداری نێو دەوڵەتی بە سەرۆکایەتی کارگێڕی ئەمەریکی.

(بۆیە هاوپەیمانی وارسۆو, رژێمە سۆسیالیستییەکانی وڵاتە ئەوروپییەکانی رۆژهەڵات رووخانو, لێك ترازانی یەکێتی سۆڤیەت روویدا, بەجۆرێك کە شەڕی ناوخۆ گەیشتە کۆمارەکانیو, پرۆسە کاوڵکارییەکانی سەرمایەداری جیهانی چووە ناو خاکی هەموو ئۆردوگای سۆسیالیستی پێشوو, پارەو دراوەکانیان رووخێنراو سامانیان بەفیڕۆچوو, ئەو سامانەی بە ئارەقەو خۆبەخشینی چەندین نەوەی گەلانی ئەو وڵاتانە بوونیادنرابوو, لەوانە 11000 دەزگا لە گەورە دەزگاکانی پێشەسازی لە روسیا بە هەرزانترین پارە فرۆشرانو, لەناوبردنی خاوەندارێتی بە کۆمەڵ بەرێژەی 800 دەزگا لە مانگێکدا هەر

ئەوەی روویدا لە ئەزموونی سۆسیالیستی, شتێکی ناکاوو چاوەڕوان نەکراو نەبوو, بەڵکو کەڵەکە بوونی دوورو درێژو ئاڵۆزی چەندین گیروگرفت بوو کە بەدەرکەوتن.

بەردەوامەو, لە پۆلۆنیاو هەنگاریاو سلۆڤاکیاو چیکیاو..هتد, هەمان پرۆسە لە ئارادایە.(6)
ئەم رووخانەی ئەزموونی سۆسیالیستی, رۆڵی یەکەمی هەبوو لە دامەزراندنی سیستەمی ئابووری جیهانی نوێ, کە کۆنترۆڵی لەلایەن سێ لایەنەوە دەکرا, ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپاو ژاپۆن, بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان, نوخبەی ئەو دەوڵەتانە کۆنترۆڵی چالاکیی ئابووری جیهانیو ئامێرە ئابوورییەکانی کە دەگەنە بانکە ناوندییەکنو, بۆرسەو بانکە تایبەتیەکانو, مۆنۆپۆلە بەرهەمهێنەرو بازرگانییەکانی ئاستی جیهانی, لەرێگەی سەندوقی دراوی نێو دەوڵەتیو بانکی نێو دەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان , رێکخراوی بازرگانی جیهانی کە تازە دامەزرێنراوە, دەتوانین کۆنترۆڵی ئابووری ئەم دەوڵەتانە روون بکەینەوە بەم خالانە:
ئابووری جیهانی ئێستا کۆنترۆڵ کراوە لەلایەن نزیکەی (37000) کۆمپانیای فرە رەگەزەوە, سەرەرای لقەکانیان کە ژمارەیان لەهەموو پارچەکانی جیهاندا دەگاتە نزیکەی (170000) لقو لەهەموو بوارەکاندا کاردەکەن, هەروا پێنج وڵاتی سەرمایەداری پێشکەوتوو دەستیان گرتووە بەسەر نزیکەی (172) کۆمپانیا لە (200) کۆمپانیای گەورە لەوانەی بە فرە رەگەزی ناسراونو بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون:

| دەوڵەت | ژمارەی کۆمپانیا | | قەوارەی کارەکانی (ملیار دۆلار) | |
|---|---|---|---|---|
| | 1982 | 1992 | 1982 | 1992 |
| U.S.A | 80 | 60 | 1302.5 | 1720.1 |
| ژاپۆن | 35 | 54 | 657.3 | 2095.4 |
| فەرەنسا | 18 | 14 | 264.7 | 310.0 |

دابەشکردنی ئێستای داهاتی جیهانی ناهاوسەنگیەکی زۆر بەخۆوە دەگرێت لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا, لەکاتێکدا رێژەی داهاتی پێنج یەکی هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان بۆ داهاتی پێنج یەکی هەرە هەژارەکانی لە (30) ئەوەندە تێپەری نەدەکرد لە ساڵی 1960دا, بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دا ئەو ژمارەیە لە (150) ئەوەندە تێپەری کردووە, بەمجۆرە جیاوازییەکان زۆر زیاتر دەبن ئەگەر بەراوردێك لەنێوان دەوڵەمەندترین وڵاتانی باکوور لەگەڵ هەژارترین وڵاتانی باشووردا بکەین,لە سویسرا بەرکەوتی تاکە کەس لە داهاتی نەتەوەیی لە ساڵی (1989) گەیشتە زیاتر لە (29800) دۆلار, لەکاتێکدا لە مۆزەمبیك لە هەشتا دۆلار تێپەری نەکردووە.
(سیستەمی سەرمایەداری لەناوەندەکانی خۆیدا لەناو کۆمەڵێك قەیرانی قووڵدا دەژێت, بەهۆی سروشتی خۆیو چارەسەرییەکانیو بەروونتر بڵێین بازدان بەسەریاندا قەیرانەکان لەناو هەر وڵاتێکدا بە ئاراستەی تەقینەوەی قەیرانەکانی نێوان وڵاتو ناوەندە

ئیمپریالییەکان فشار دەکات, ئەو قەیرانانەی کە رەنگە ئەگەر ئێستا نەبۆتە مەترسین یان لە داهاتووی نزیکدا چارەنووسی ئەم سیتسەمە دیار دەکات, بەڵام مەترسییەکانی بەسەر گەلانی دەوروبەردا لەوانەش گەلانی سۆسیالیستە روخاوەکاندا دەبێت، کە هیچ سنوورێکی بۆ نییە, لە کوشتنی ئەم گەلانە بەشەڕو برسیەتیو نەخۆشییە کوشندەکانو لێك ترازانو هی دیکە).(7)

ململانێو دژکاری لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا بەدەردەکەوێت, هەروەك ئەو کێ بەرکێیەی لەنێوان هەر سێ جەمسەرەکەدا هەیە (ئەمەریکا, یەکێتی ئەوروپا, ژاپۆن)و هەروا لەنێوان جەمسەرو نیوە جەمسەرەکانی (وەك حەوت پڵنگەکان)و, لەنێوان جەمسەرو نیوە جەمسەر لەلایەن وڵاتانی جیهانی سێەمو چوارەم لەلایەکی دیکەوە, ئەو کێبەرکێیەی کە زۆر جار دەبێتە شەڕی ئابووری, هەروەك لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو ژاپۆندا روویدا سەبارەت بە هەناردنی برنجی ئەمەریکا بۆ ژاپۆنو هاوردنی سەیارەی ژاپۆنی بۆ ئەمەریکاو ناتەبایی بازرگانی لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

## پەراوێزەکان:


***بەشی یەکەم***

1-ج.د.ه کول, رواد الفكرد الاشتراكي 1789-1850, ت: منير بعلبكي, دار العلم للملايين, بيرت 1978, ص 11-35.

2-هەمان سەرچاوە.

***بەشی دووەم***

1-لينين, المؤلفات الكاملة, مجلد 23, ص 46.

2-آفانا سييف, أسس الاشتراكية العلمية, دار التقدم, موسكو 1984, ص9 .

3-هەمان سەرچاوە, ص 9-10.

4-كيلمنتييف و فاسيفيا, ما هي الاشتراكية, دار التقدم, موسكو 1987, ص 5-17.

5-سيرغي سيراييف, الاشتراكية والتعاون, دارالتقدم, فرع طشقند 1981, ص 20-21 دار الجماهير العربية, د دمشق 1975, ص77.

7-الشيوعية العلمية, معجم, دار التقدم, موسكو 1985, ص 33.

8-هەمان سەرچاوە, ص 37.

بەشی سێیەم
1-لينين, المؤلفات الكاملة, المجلد 38, ص 385-386 .
2-ايلين و موتيليف, ماهو الاقتصاد السياسي.
3-الاقتصاد السياسي دليل العلوم الاجتماعية, مجموعة المؤلفين السوفييت, اكاديمية العلوم في الاتحاد السوفيتي, ت: د.فؤاد أيوب, دار دمشق, بيروت 1985-1986, ص 357.
4-الشيوعية العلمية, معجم, ص 330-332.
5-د.محمد سعيد نابلسي, الاقتصاد السياسي, كلية الاقتصادية والتجارة, دمشق 1985 ص 354-356.
6-كيلمنتيف و فاسيلفيا, سەرچاوەی پێشوو, ص 32-34.
7-دستور الاتحاد السوفيتي, القانون الاساسي, ص4-5.
8-ماهي الاشتراكية, سەرچاوەی پێشوو ص88.
9-ليونتييف, موجز الاقتصاد السياسي, دار التقدم, موسكو 1975, ص 220.
10-د.محمد سعيد نابلسی, سەرچاوەی پێشوو, ص413.
11-د.مطانيوس حبيب, الاقتصاد السياسي, جامعة دمشق 1984, ص246.
12-الشيوعية العلمية, سەرچاوە پێشوو, ص31-32.
13-S.Szfler Is. Marciniak,Ekonomia Ploityczna-str, P.W.N.,Warszawa 1974 .

بەشی چوارەم
1-البيروسترويكا: اضمحلال النظام العالمي, ص 126.
2-مجلة الاقتصاد العدد 327, دمشق نيسان 1991.
3-غورباتشوف البيروسترويكا, ت, زياد الملا, دار الشيخ للدراسات والترجمة والنشر, دمشق 988, ص30.
4-د.مجيد مسعود, حول الاتجاهات التمد نية المعاصرة في الاقتصاد السوفيتي, مجلة النهج العدد (21) لعام 1988, ص 497.
5-وقائع الندوة الفكرية, (حول الازمة في الحركة الثورية العالمية واتجاهات التغيير في عالمنا المعاصر) دمشق 1994, ص86.
6-هەمان سەرچاوە.
7-د.عارف دليلية, من وقائع الندوة الفكرية, هةمان سةرضاوة, ص 126.